# دیوانی مەولەوی کورد



کۆکردنەوە و بەرامبەرکردنی
سـەید ئیبراهیم ستوودە

# دیوانی مەولەوی کورد

عادل لطيف مرادي
٠٢/٠٩/٢٠٢١

نشر شوان

# دیوانی
# مەولەوی کورد

کۆ کردنەوە و بەرامبەر کردنی:

**سەید ئیبراهیم ستوودە**

| | |
|---|---|
| سرشناسه: | معدوم کرد، عبدالرحیم بن سعید، ۱۲۲۱ ـ ۱۳۰۰ق. |
| عنوان قراردادی: | دیوان |
| عنوان و نام پدیدآور: | دیوان مەولەوی کورد/ پیدا چوونەوە و ئامادە کردنی سەید ئیبراهیم ستوودە. |
| مشخصات نشر: | سنندج: شوان، ۱۳۹۴. |
| مشخصات ظاهری: | ۳۷۹ص. ۵/۱۴ ❁ ۵/۲۱ س م. |
| شابک: | ۹۷۸-۶۰۰-۹۵۴۱۶-۱-۴ |
| وضعیت فهرست نویسی: | فیپا |
| یادداشت: | کردی. |
| موضوع: | شعر کردی - قرن ۱۳ق. |
| شناسه افزوده: | ستوده سید ابراهیم، ۱۳۰۵ -۱۳۷۹. |
| رده بندی کنگره: | ۱۳۹۴ ۶م۸۴۳الف/۳۲۵۶ PIR |
| رده بندی دیویی: | ۸فا۹/۲۱ |
| شماره کتابشناسی ملی: | ۴۱۱۳۵۳۵ |

## ناسنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | دیوانی مەولەوی کورد |
| کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: | سەید ئیبراهیم ستوودە |
| پێداچوونەوە: | مەهدی سەنەندەجی<br>سەید سەعدەدین ستوودە |
| ڕازاندنەوە لاپەڕەکان: | مەحیەدین کەریمیان |
| پەیکەرتاش: | بەشیر ناسری |
| ڕووبەرگ: | ئارام کەماڵ |
| نۆرەی چاپ: | یەکەم، ۱۳۹۶ |
| نرخ: | مەولەوی<br>ISBN:978-600-95416-1-4<br>انتشارات شوان ۴۰۰۰۰ تومان |
| ئەژمار: | |
| شابەک: | ۹۷۸-۹۶۴-۲۷۹۷-۱۵-۸ |

ناوەندی بلاو کردنەوە: سنە ، پەخشانگەی نیشتمان
+۹۸ ۸۷ ۳۳۱۷۲۱۱۵ و +۹۸ ۸۷ ۳۳۱۵۵۲۱۰

## پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | بیستویەک |
| شوێنەوارەکانی مەولەوی | بیستوچوار |
| مەولەوی و شێخ عەبدولقادری موهاجر | سیودوو |
| ژیانی من و دیوانی مەولەوی | سیوسێ |
| ڕەوشتی من لە نووسینەوەی دیوانی مەولەویدا | سیوچوار |
| سێ ڕەخنە و سێ وەڵام | سیوپێنج |

ئـ

| | |
|---|---|
| ئـــاخ پـــەی خەڵـــوەتێ بـــدیام وە بـــێ خـــەم ........................ | ١ |
| ئـــاخ چـــراخ! چ ئـــاخ ئـــاخ پـــەی ئاخـــدارێ ........................ | ١ |
| ئارەزوومەنـــدیم جـــە حـــەد ویـــەردەن ........................ | ٢ |
| ئـــارەزووی ئـــازیز وەنـــەم ســـەرداوە ........................ | ٣ |
| ئـــارەزووی ئامـــای مـــەرگ وێـــت کـــەردەن ........................ | ٣ |
| ئـــازارم جـــە وێم بێـــزارم کـــەردەن ........................ | ٤ |
| ئـــازیز تـــای ڕشـــتەی دڵـــەی خـــەم بـــێ شـــۆ ........................ | ٥ |
| ئـــازیز تـــەن وە ئـــێش زامانـــت خەســـتەن ........................ | ٦ |
| ئـــازیز دیـــارەن وادەی لوامـــەن ........................ | ٧ |
| ئـــازیز فراقـــت دڵ کـــەردەن وە هـــوون ........................ | ٨ |
| ئـــازیز کـــام هـــوون بـــێ دیـــدەم پـــێ نەڕەشـــت ........................ | ٩ |
| ئـــازیزم ئامـــای ئـــای بێقـــەرار وێم ........................ | ١٠ |
| ئـــازیزم ئـــاهیر دووری بـــاڵای تـــۆ ........................ | ١١ |
| ئـــازیزم گـــەردەن بلـــۆر بـــێ گـــەرد ........................ | ١٢ |
| ئـــازیز وەس بـــوزەم نـــە گێجـــاو خـــەم ........................ | ١٢ |

ئـــازیز وه مـــەرگت دڵ نـــە خرۆشـــەن ........................ ١٢
ئامـــاوه وەهـــار وەهـــار شـــادی ........................ ١٣
ئـــای کـــێ بی هـــەواڵ لـــوای تـــۆش ئـــاوەرد ........................ ١٤
ئایەنـــەی زوهـــوور ســـیفات غـــەیبی ........................ ١٥
ئایەنـــەی کـــامڵ ئازیزەکـــەی فـــەرد ........................ ١٦
ئـــەدای پەشـــێوی حـــاڵات جەســـتەم ........................ ١٦
ئـــەر ســـەد ڕاســـت نـــەقش تـــۆ زەمیرمـــەن ........................ ١٦
ئـــەر کێشـــان گیـــانیچ چـــوون مـــەهجووریت بـــۆ ........................ ١٧
ئەڵـــماس نـــاوک مـــەودای حەجەرســـم ........................ ١٧
ئـــەنیس خـــەیاڵ دڵان پـــڕ زام ........................ ١٨
ئـــەو جـــا بەزمگـــەی کـــەس جـــێ نەڕەســـتە ........................ ١٩
ئـــەیاز هامـــڕاز نالـــە و ئـــاخ و دوود ........................ ٢٠
ئـــەی دڵ! مزگـــانی، ئامـــا کـــۆچ یـــار ........................ ٢١
ئـــەی ڕۆشـــنی چـــەم! تـــا کـــەی تەشـــریف بـــەر ........................ ٢٢
ئەی دڵ وه سەنگ بای، ئەی دڵ وەســەنگ بـــای ........................ ٢٣
ئـــەی گـــرد مـــەوجوودێ جـــە تـــۆ گـــرت مایـــە ........................ ٢٤
ئیحیـــا نـــەبوون ســـا نەشـــوون مـــەردەن ........................ ٢٥
ئیمجـــار ســـەختتەرەن زامـــم جـــە جـــاران ........................ ٢٦
ئیمســـاڵ نـــەووەهار چـــوون خـــەزان ســـەرد ........................ ٢٧
ئیمشـــەو پەشـــێویم جـــە حـــەد ویـــەردەن ........................ ٢٨
ئیمشـــەو تـــەنیا بـــێ جەســـتەی زەبـــوونم ........................ ٢٩
ئیمشـــەو دیـــارەن بـــانگم بـــێ شـــەرمەن ........................ ٣١
ئیمشـــــەو دیـــــارەن دەردم کاریـــــەن ........................ ٣٣
ئیمشـــەو مەینـــەتان نـــە دەروون جەمـــەن ........................ ٣٤
ئیمشـــەو هـــەم خـــەمان وەنـــەم ســـەرداوه ........................ ٣٥
ئێمشـــەو هـــەر خەمـــەن هـــا نـــە کەمینـــدا ........................ ٣٦
ئێمشـــەو هـــەم دیســـان دەروون پـــڕ خەمـــەن ........................ ٣٧
ئێمـــە گشـــت فـــانی هـــەر ئـــەوەن بـــاقی ........................ ٣٨

## ب


باعیس وجوود جە ماه تا ماهی ........................ ٣٩
بالای ئالای شەنگ سەد بەلا پێوەن ........................ ٤١
بکیانە پەیکێ وە پارانەوە ........................ ٤١
بلێسەی دەروون نە سینەم خێزان ........................ ٤٢
بنچینەی شادیت جە دڵ بەرئاوەرد ........................ ٤٣
بولبول گولشەن بێ نام و نەنگی ........................ ٤٤
بەتیەی کارخانەی ئوستای بەغدادیی ........................ ٤٥
بەرزان هیلال تار وەروان قەراردا ........................ ٤٦
بەزمی هام فەردان یار مۆبەتکێش ........................ ٤٧
بەڵێ خاڵ وەکەم قەدیم دەستوورەن ........................ ٤٨
بێ شەرت و شۆنیت جە حەد بەدەرەن ........................ ٤٩
بینایی دیدەم! تۆ وە سلامەت ........................ ٥٠


## پ


پاتەخت مەحموود «دارالسلامە»ن ........................ ٥٣
پای شادیم دیسان ماران گەستەوە ........................ ٥٤
پزیسکەی چەخماخ کافی کارمەن ........................ ٥٦
پۆی خەیاتەی فەرد بۆ عەنبەرینت ........................ ٥٧
پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن ........................ ٥٨
پەشێوی وە نەزم لۆلۆی ئەسرین دا ........................ ٥٩
پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن ........................ ٦٠
پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خجڵ ........................ ٦١
پەیغام بالای غەمبارەکەی تۆ ........................ ٦٣
پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ ........................ ٦٣


## ت


تا تەوانام بێ شەوبێداریم کەرد ........................ ٦٣
تا جە داخی تاق جفت خەمەنان ........................ ٦٤
تاق خانەقای دڵ نە زەلزەلەن ........................ ٦٥

| | |
|---|---|
| تۆپلاخـــەی دووکـــەڵ هیجـــران دڵـــبەر ........................ | ٦٦ |
| تـۆ سـەروەش بـەو سـەیر سـەفای بەختـەوە ........................ | ٦٦ |
| تۆ نـەی کۆچـدا کـار، وێـت مەحکـەم کـەردەن ........................ | ٦٧ |
| تەئسـیر خـەیاڵ کـەردەی مـن سـەردا ........................ | ٦٨ |
| تەختـەی مۆبـەت تـاش نـەجار دڵـتەنگ ........................ | ٦٩ |
| تەرسـوون ئـەر بـەدەن ڕەقیـب دڵسـەرد ........................ | ٧٠ |
| تـەرک ئینتیـزار حـەیات کـەردەنم ........................ | ٧١ |
| تەژنـەی گیـان وە لـەب سـەودای سـەبووری ........................ | ٧٢ |
| تەسـکین دڵـەی پـڕ جەخارەکـەم ........................ | ٧٣ |
| تەلاکـەی جـەمین قـاڵ بۆتـەی عەشـق ........................ | ٧٤ |
| تـەن وە ئـێش دەرد زامـەتان خەسـتەن ........................ | ٧٥ |


## ج


| | |
|---|---|
| جـۆراب چـوون مـن زامـان نەسرەفتـە ........................ | ٧٦ |
| جـۆش کـوورەی مـەیل دڵسـتانیەن ........................ | ٧٨ |
| جـە بـێ کەسـی وێم تـۆم کـەردەن بـە کـەس ........................ | ٧٩ |
| جـە سـەردی مۆبـەت ئـازیز بێگـەرد ........................ | ٨٠ |
| جـە گیـان سێر وەردەی جـە تـەن هەراسـان ........................ | ٨٢ |
| جـە مـن تـا دووری ئـەر سـەد فرسـەنگ بـۆ ........................ | ٨٤ |
| جـەمین ڕەشـک جـام جـەم نمـای جەمشـید ........................ | ٨٥ |
| جیلـوەی جـەلای جـام دڵـەی پـڕ جـە دەرد ........................ | ٨٦ |


## چ


| | |
|---|---|
| چـەمان هـەم قامـەت کـەیفم خـەمبارەن ........................ | ٨٧ |
| چـوون بەنـدە بـەو بەنـد هـەر پایـەم بەنـدەن ........................ | ٨٨ |
| چـوون چیهـرەی خـەیاڵ ڕوخسـارەکەی وێـش ........................ | ٨٩ |
| چـوون وەڵـگ شـادی مـن وای دووری لـەیل ........................ | ٩٠ |
| چـەرخ چـەپ وە ڕاس نـە ڕووی تەختـەی دەرد ........................ | ٩٢ |
| چـەرخ هـەر ئـەو چەرخـەن تـا ئـاوەرد و بـەرد ........................ | ٩٣ |
| چەرخـە! یـە تـۆنی ئـی مەیلـە کـەردی ........................ | ٩٤ |

چەشـــم ئەنـــداز دڵ شـــیرین پـــەرداخان ........................ ٩٦

چێش واچـۆ مەعـدووم خەسـتەی مـەهجووریت ........................ ٩٨

چەم پەی فەرش پـات مـوژەش چـوون خـارەن ........................ ٩٩

چێشـەن ئـی مەخسـەڵ دەور دیـدە مەسـت ........................ ٩٩

چێشـــەن پەشـــێویم، ماتـــەمی دڵـــەن ........................ ١٠٠

ح

حوققـــەی خەزێنـــەی تەجـــەللای زاتی ........................ ١٠٤

خ

خـــاک وە دەس زۆر زەنجـــیرم کـــەردەن ........................ ١٠٥

خاڵـــۆ چـــوون تـــەدبیر دەردزانـــات نـــەبێ ........................ ١٠٦

خاڵـــۆ خاڵـــۆتەن کـــەم واچـــە خاڵـــۆ ........................ ١٠٧

خاڵـــۆ ویـــەردەن خاڵـــۆ ویـــەردەن ........................ ١٠٨

خاڵـۆی تەسـکین بـەخش دڵـەی پڕ دەردم ........................ ١٠٩

خاڵـــۆی مەنزڵـــچی ســـەرکەردەکەی دەرد ........................ ١١١

خامـــەی ســـەرئاوێز نـــە چـــای ســـیایی ........................ ١١٢

خورشـــید ســـەمای شـــیرین جـــەماڵان ........................ ١١٤

خورشـــیدەکەی ئـــەوج مەلاحـــەت ســـپێهر ........................ ١١٦

خـــۆ هوونیـــت نـــەبیم چەواشـــەی چەپگـــەرد ........................ ١١٨

خـــەرامان ئامـــا نـــە تـــۆی پـــەردەوە ........................ ١٢٢

خەمـــە فرســـەتێ ســـاتێ وە بـــێ خـــەم ........................ ١٢٢

خـــــەیاڵان شـــــەو هیجرانـــــان ڕۆ ........................ ١٢٢

خـەیر بـۆ هـەم فەڵـەک کـام خـەیاڵ کـەردەن ........................ ١٢٣

خـــەیلێوەن خـــەریک زاکـــەی زەحمـــەتم ........................ ١٢٣

د

داخـــۆم چەنـــد وە دەس نـــازک نـــەوهاڵان ........................ ١٢٤

دڵ ئـــەرچی شـــەماڵ قـــەدیمی یـــارەن ........................ ١٢٤

دڵ بیـــەن وە دار ســـەرکەل لای وەشـــت ........................ ١٢٤

دڵ تـــەم کـــەرد کـــەم کـــەم گرتـــەوە کـــاوان ........................ ١٢٥

دڵ دیـــار نیـــەن هـــای نەکـــەردەبۆ ........................ ١٢٧
دڵـــە پـــڕ چینـــەن پیشـــانی شـــەوقت ........................ ١٢٩
دڵـــە تەبخاڵـــت وە لێـــو مـــەوینوون ........................ ١٣١
دڵـە یەنـد مەسـتیت جـەم بی نـە سـەردا ........................ ١٣٢
دڵـــە! دیـــارەن بێقـــەرارەنی ........................ ١٣٣
دڵـــە ڕاگەکـــە خـــەیلێ تاریکـــەن ........................ ١٣٤
دڵـە هـا یـاران بەرشـین جـەی زامـــن ........................ ١٣٥
دڵـەی خـەم خـەیاڵ جـۆش ئـاوەردەوە ........................ ١٣٦
دڵـەی دڵ وە مـەی مـەیل لـەیلێ کـەیل ........................ ١٣٧
دڵـەی وەردەی نـەفس گونـا ئـاوەردە ........................ ١٣٩
دڵ یەنـــد وە ئـــایر دووری تـــۆ تـــاوان ........................ ١٤١
دووریـــت دیـــارەن چەنـــد ســـاحیب نێشـــەن ........................ ١٤٢
دنیـــا نـــە گێجـــاو تاریکـــەی شـــەو بـــێ ........................ ١٤٣
دەخـــیلم خاڵـــۆ زەدەی زام ســـەخت ........................ ١٤٤
دەرد وە بـــان دەرد، زامـــان کـــاری ........................ ١٤٥
دەرمـــان زامـــان دەردەکـــەی کـــاریم ........................ ١٤٦
دەروێـش ئـەهل خـەم هـەر یەنـد جـەم مـەبۆ ........................ ١٤٧
دەســـتەی وەنەوشـــەی پـــەل دێـــزت یـــاوا ........................ ١٤٨
دەک فەڵـەک چـوون مـن دەردت کـاری بـۆ ........................ ١٤٩
دەلیـــل وادەی سەرســـەراوەکەم ........................ ١٥٠
دەورێ دەر ســـاقی وە لای مەحزوونـــدا ........................ ١٥١
دیـــارەن دیـــدەم هـــەم دەرد نۆمـــەن ........................ ١٥٢
دیاکـەی وە شـەرم جـە پەنجـەرەی نـاز ........................ ١٥٣
دیـــدەم نەونـــەمام نـــەوتووڵ ســـاوا ........................ ١٥٤
دیـدەم وە دیـدەت شـای شـیرین چـەمان ........................ ١٥٥

ر

ڕا جەعفـــەرئاباد ســـارا گـــەرمی مـــەیل ........................ ١٥٦
ڕۆشـــنی دیـــدەم ســـەرمایەی ژیـــنم ........................ ١٥٨

ڕۆیێ فیکر بەخت سیای ویم مەکەرد ........................ ١٥٩
ڕەفێق مەحرەم عەجز و سوروورم ........................ ١٦١
ڕەمەزان تولوع سوبح شادیشەن ........................ ١٦٣
ڕیازەت کێشان، ڕیازەت کێشان ........................ ١٦٤
ڕەنگ زەردی من و زەردی خەزانان ........................ ١٦٥

ز

زۆسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان ........................ ١٦٦
زیای دل نامەت وە لای دڵڕێشان ........................ ١٦٨
زیلەی تەڵمیت بار کۆچ نەوهاڵان ........................ ١٦٩

س

ساقی ئاوەردە و گەرد کیاستینین ........................ ١٧١
ساقی گەرد کۆچ یاران دیارەن ........................ ١٧٢
سەد دووری چوون دڵ مەعدوومی دڵتەنگ ........................ ١٧٣
سوبحەن بۆی گوڵان مەیاونۆ نەسیم ........................ ١٧٤
سەدای های هیلال ڕۆزەدارانەن ........................ ١٧٥
سەدای های هیلال هامفەردان مەیۆ ........................ ١٧٦
سەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەک ........................ ١٧٨
سەرحەڵقەی فیرقەی نازک خەیاڵان ........................ ١٨٠
سەردار زومرەی موسیبەت کێشان ........................ ١٨١
سەرشار سەهبای بەزم موناجات ........................ ١٨٣
سەرلەتەرەی خەم خول ئاوەردەوە ........................ ١٨٤
سەرمەودای قەڵەم حەکاکەکەی عەشق ........................ ١٨٥
سەر وە بان عەین عەینم خەم وەردەن ........................ ١٨٧
سیم قەڵب قەلب جۆش کوورەی حاڵ ........................ ١٨٨

ش

شادی گەرد خەم چوون نەدۆ وە باد ........................ ١٨٩
شنەفتم دوور با لەیل زوکامشەن ........................ ١٩٠
شوورای عاشوورا دیسان بەزمش بەست ........................ ١٩١

شەرارەی کوورەی دەروون پڕ جۆش ........................ ١٩٣
شەریک نالەی شەوان بێداریم ........................ ١٩٤
شەس‌پەڕ سەد زوان وە سەد دەردەوە ........................ ١٩٤
شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وە فیدات بام ........................ ١٩٥
شەماڵ داخان، شەماڵ داخان ........................ ١٩٦
شەماڵ دارانەن، شەماڵ دارانەن ........................ ١٩٨
شێخ دەوڵەتمەند بەهرەی سەرمەدی ........................ ٢٠٠
شی ئەو سەفا و سەیر دیدەن یاران ........................ ٢٠٣
شیفای ئێش و نێش ئی زامان سەخت ........................ ٢٠٤

ع

عەرەق چوون شەونم نیشتەن نە ڕووی گوڵ ........................ ٢٠٥

ف

فەریادم وە تۆن فەریادم وە تۆن ........................ ٢٠٦
فەسڵ نەوپایز تازە کەردەن مەیل ........................ ٢٠٧
فەڵەک بێ فرسەت فەڵەک بێ فرسەت ........................ ٢٠٨
فەڵەک کام تیر بێ نەدات نە دەروون ........................ ٢٠٩
فەڵەک مەشناسووت کارت چەپگەردەن ........................ ٢١٠

ق

قوربان ئەر چەندی نامام وە لاتان ........................ ٢١١
قوربان قوربانەن جەژنەن شادیەن ........................ ٢١٢
قیبلەم تۆم نە دڵ قیبلەم تۆم نە دڵ ........................ ٢١٣
قیبلەم کەردەنی قیبلەم کەردەنی ........................ ٢١٥

ک

کارێ پێم کەردەن مەحروومی ڕازت ........................ ٢١٦
کام حاڵەت باروون وە سەر خامەدا ........................ ٢١٧
کام ساران سەدڕەنگ نوور پێدا وەشتەن ........................ ٢١٨
کزە و چزەی زام گرپە و گڕەی دڵ ........................ ٢١٩
کۆن ئەو دڵ دیدەش بەرایی بدۆ ........................ ٢٢١

گ

گـم بـێ چـوون خورشـید ئـەو نـە پەڕتـەودا ........................ ٢٢٣

گۆشـەی ئاتەشـخان دڵـەی پـڕ جـە ئـێش ........................ ٢٢٤

گۆشـەی سـیامال هـۆردا و دیـاوە ........................ ٢٢٥

گۆیـا خەلاسـیت وە دڵ ئـاوەردەن ........................ ٢٢٥

گـەردئالوودەن دەور مـەزار لـەیلێ ........................ ٢٢٦

گـەرمی دەرد قامـەت کـەردەن وە کاهـێ ........................ ٢٢٧

گـەرمی کـوورەی مـەیل قـەیس چۆڵـگەردەن ........................ ٢٢٨

گـێج ئـالانی هـا بـە دۆشـەوە ........................ ٢٢٨

ل

لاونامـەوە لاونامـەوە ........................ ٢٢٩

لـوای بینـایی دیـدەی دەروێشـان ........................ ٢٣٠

لوقمەکـەی ماسـاو دەریـای قـووڵ مـەیل ........................ ٢٣٢

لـەیل زوکامشـەن ئێـدەن عـیلاجش ........................ ٢٣٣

م

ماتـەمی وەهـار بـێ شـەوقی و نـەوگوڵ ........................ ٢٣٤

مامۆسـای سـەرئێل شـیرین‌کـەلامان ........................ ٢٣٥

مامۆسـای شـیرین شـۆخ دیـدە مەسـت ........................ ٢٣٦

مایـەی ئـێش و نـێش گشـت زامـان سـەخت ........................ ٢٣٧

مـدرا وەراوەر وە ڕاگـوزەردا ........................ ٢٣٩

مـن پێسـەم زانـا تـۆ پـڕ مەیلـەنی ........................ ٢٤٠

مـن خـەریک ئـێش زام جیـایی ........................ ٢٤١

مـن کـە دڵ دایم نـە واوەیلمـەن ........................ ٢٤٢

موبارەکـت بـۆ بـەزم نـەو بەخـەیر ........................ ٢٤٣

مەجنوونەکـەی وێـڵ شـەیدای بـالای تـۆ ........................ ٢٤٥

مـەرگت دێوەلـوول خـەمان دێونـان ........................ ٢٤٦

مەنزڵـگەی دیـدەم ئاوپاشـی کـەردەن ........................ ٢٤٧

منـارە سـەدای سـەلاش سـەدتەرزەن ........................ ٢٤٨

مـــەیلت ئـــارەزووی ئـــەغیار کـــەردەبێ ........................ ٢٤٩
مـــەیۆم جـــە دەروون مـــەیۆم جـــە دەروون ........................ ٢٥٠

ن

نـــازک تـــەدارەک فەســـڵ وەهـــارەن ........................ ٢٥١
نامەکـــەت پـــەی چێش پـــەرێ دەوای دەرد ........................ ٢٥٢
نامەکـــەت یـــاوا کۆســـم کەفتـــەوە ........................ ٢٥٤
نامـــەی بـــێ مـــەیلیم خامـــەت ڕەقـــەم کـــەرد ........................ ٢٥٥
نامـــەی عەنبـــەربۆت بـــاد ســـوبح ئـــاوەرد ........................ ٢٥٦
نامـــەی نـــەفتینت یـــەک ڕۆ بـــاد ئـــاوەرد ........................ ٢٥٧
نـــاوەری وە دڵ مـــاوەروون نـــە دڵ ........................ ٢٦٠
نـــوزوول کێشـــا دەس بـــەختم نـــە ڕای بـــەد ........................ ٢٦١
نمانـــای بەهەشـــت پیشـــانی نـــووری ........................ ٢٦٢
نـــە ئاهەنگـــەرێ نـــە ئاهەنگـــەرێ ........................ ٢٦٣
نە تـــۆی حەڵقەی زوڵـــف دڵـــەی شێت و وێت ........................ ٢٦٤
نـــە تـــەن یادەکـــەی ئـــەو ســـیمین کـــەردەن ........................ ٢٦٤
نەتیجـــەی پاکـــان، نەتیجـــەی پاکـــان ........................ ٢٦٥
نەتیجـــەی پـــاک دیـــن شـــێخ ســـازانی ........................ ٢٦٦
نەسـیم دووی دەروون چـــوون هـــەردەجاران ........................ ٢٦٨
نەســـیم مـــەحرەم مابـــەین یـــاران ........................ ٢٦٩
نـــە نـــازک خـــەیاڵ ئیســـە نـــە مونشـــیم ........................ ٢٧١
نەمەنـــدەن خـــەیاڵ فـــەردان کـــەردەنم ........................ ٢٧١
نـــەی نەیخانـــەی تـــەن ئـــایر هـــۆرێزا ........................ ٢٧٢
نـــەواتم عەرعـــەر ســـەهەند پـــەروەردە ........................ ٢٧٧
نـــەوای کـــەژاوەی لـــەیلێ نازانـــەن ........................ ٢٧٨
نـــەوای نالـــەی دڵ وێنـــەی نـــەوای نـــەی ........................ ٢٨٠
نـــەوباوەی خـــەیاڵ «مـــەحرووم» دانـــا ........................ ٢٨١
نـــەهات و نـــەهات دڵ ماتـــەن ئیمشـــەو ........................ ٢٨٢
نـــەی گـــەهوارەی دەور تـــای دەسرازەی خـــەم ........................ ٢٨٤

و


وادەی سـفیدی شـکۆفەی پیریـن ........................ ٢٨٥
وادەی سـەفەرەن هـای نەسـیم ئامـان ........................ ٢٨٧
وەخـت چـەم نـە چـەم شـێوەت دیـار بـێ ........................ ٢٨٩
وەختـەن پیالـەی دلـەی پـڕ جـە دەرد ........................ ٢٨٩
وە خیلافـەوەن یـاران سـەرمەس ........................ ٢٩٠
وەسـەن ئـی مەخسـەڵ دەور دیـدە مەسـت ........................ ٢٩٣
وەش ئامـای هـەی پـەیک لای قەبیلـەی لـەیل ........................ ٢٩٤
وەش ئامـای وە خـەیر ئـەی بەرگوزیـدە ........................ ٢٩٦
وەفـای چـەرخ چـەپ ڕاس بـێتـان و پـۆن ........................ ٢٩٧
وەهـارەن تەشـریف خـاڵ خاسـان پـەی هـەرد ........................ ٢٩٨
وەهـارەن سـوبدەم سـەوزە دیـاران ........................ ٢٩٩
وەهـارەن سـەوزەن ئـاوەن سـەرکاوەن ........................ ٣٠١
وەی مـن پـەی سـەفای یـاران هامـدەم ........................ ٣٠٢
وەی مـن دیـارەن پەنجـەی تارمـەن ........................ ٣٠٢
وێـت بـدەر ئینسـاف نـەو نـەمام نـۆ ........................ ٣٠٢
وێـش نمـەوینۆ ئـازیز خـەمینت ........................ ٣٠٣


هـ


هـا تـەن ئـەلوەدای زینـدەگانی کـەرد ........................ ٣٠٤
هـاڵ بـەدهاڵ بـەدەن هالـی و هەوالـە ........................ ٣٠٥
هامـدەردان ئامـان ئـەر مەنـدەن هۆشـم ........................ ٣٠٦
هامـدەردان ئێشـێ هامـدەردان ئێشـێ ........................ ٣٠٨
هامـدەردان بـەردەن هامـدەردان بـەردەن ........................ ٣١٠
هـا مـن هـامنوار گـەرمیش جـۆش ئـاوەرد ........................ ٣١١
هانـا هـا ویـەرد، هانـا هـا ویـەرد ........................ ٣١٢
هـای چەنـدە سـەرچەنگ چـەرخ چـەپ وەردم ........................ ٣١٤
هـای ڕۆشـنی چـەم! تـا کـەی تەشـریف بـەر ........................ ٣١٦
ها ڕەقیـب ئـەو شـۆن دیـدەم هیجـرەت کـەرد ........................ ٣١٧

هـای شـەماڵ چـەن جـار ڕا تـەی کـەردەنی ........................ ٣١٨
هەتیتـەی فـەراق تـەن کـەردەن وە سـیم ........................ ٣٢٠
هـەر چەنـد ویم زەدەی بـادەی فـەراقم ........................ ٣٢١
هـەر چەنـد هیجرانـت یەنـد زۆر ئـاوەردەن ........................ ٣٢٢
هـەر چـەنی ناکـاو دەمـاخم تـەم بی ........................ ٣٢٤
هـەرچی دیـت وە چـەم شـی وە سـەفەردا ........................ ٣٢٦
هـەر مـن ناشـادم هـەر مـن ناشـادم ........................ ٣٢٧
هـەر نـە جەلاجکـەی حەقیقـەت مـاوا ........................ ٣٢٨
هـەقت وە دەسـەن کـار وە دەس ئاسـان ........................ ٣٢٩
هەناسـەی سـەردم نـە دڵ خێـزاوە ........................ ٣٢٩
هـەوای زمسـتان خـەمان بەتاڵـەن ........................ ٣٣٠
هـەوای سـەر ساراڵ خوسووس وەتـەن بـۆ ........................ ٣٣٢
هێجرانـت جـە تـەرح بـاد وەیشـوومی ........................ ٣٣٢
هیچکـەس نـەواچۆ وە فـەرهاد ڕەنـدەن ........................ ٣٣٢
هـەی نیـزام نـە زام نامـەت تـۆ لا بـەرد ........................ ٣٣٣
هـەی هـوو هـای چەنـدێن نامـان خەبـەرێ ........................ ٣٣٤

**ی**

یـەئجووج خـەیاڵ گرتـەن قـەڵای هـۆش ........................ ٣٣٥
یـاد زوڵـف لـوول شـیرین نیگـاران ........................ ٣٣٦
یـادم نمەشـی جـە گـردین حاڵـدا ........................ ٣٣٧
یـاران هامسـەران دەردم کاریـەن ........................ ٣٣٨
یـار وەفـادار شـەرت و بـەین بـێ شـۆ ........................ ٣٣٨
یـاوا پـێم نامـەی شـیرین خیتامـەت ........................ ٣٣٨
تاقانەکان ........................ ٣٣٩
نامەی مەلا عبدالله داخی بۆ مەولەوی ٣٤٣

لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی بابمدا چەن جار لەوم بیست کە دەیفەرموو: ئەترسم مەولەوی منیش کوژێ هەروا کە خالۆ سدیق (مەبەستی خاڵی دوکتور موحەممەد سدیقی موفتیزادە) و مامۆستای سەی تایر (سەید موحەممەد تاهێری سەیدزادەی هاشمی) و کێ و کێیتری کوشت. مەبەستی ئەوە بوو بەر لەوەی بتوانێ ئەم دیوانەی مەولەوی چاپ بکات و وەکوو ئەوان لە دونیا بچێ و بە داخەوە هەرواش بوو و تەقدیر ئیزنی نەدا خۆی چاوی بەم کتێبەی مەولەوی بکەوێ.

ئێستا منیش وا کوڕی گەورەی سەید ئیبراهیمی ستوودەم، بەداخەوە بەهرەیەکی ئەوتۆم لە زمانی و زاراوەی هەورامیدا نییە و نەمتوانی ئەرکەکەی بابم بەجێ بێنم و ڕاستەکان بوێ جگە لە کەمتەرخەمیی خۆم، کەسێکی جێی متمانەشم دەس نەکەوت تا ئەم ئەرکەی پێبسپێرم. لە ساڵەکانی دوایی فەوتی باوکمدا یەک دوو کەسێ هەڵکەوتن کە شیاوی ئەم کارە بوون بەڵام بەداخەوە هەرکامیان بە لایەکدا بڵاوەیان کرد و منیش ئەم کارەم پێ جێبەجێ نەکرا تا ئەوەی کە برای بەڕێزم مامۆستا هادی موڕادی لە سەر دڵسۆزییەوە زۆری لۆمە کردم و وتی: دەتەوێ چەن ساڵیتر ئەم کتێبە هەروا لە ماڵەوە داکەوێ و لە چاپ نەدرێ، ئەوە من چەند دۆست و برادەرێ دەناسم کە شارەزای ئەم کارەن و هەمووشیان دۆست و ناسراوی کاک ماجدی ڕۆحانین. ئەم قسەیە دەلاقەیەکی ڕووناکی بە ڕووما کردەوە چونکوو کاک ماجد هەم خزم و کەس و هەم دۆستی قەدیمی خۆمە و هەر بۆیە پێوەندی کرد و ئەویش زۆر بە دڵ و گیانەوە هاتە هانامەوە و قسەکانی زیاتر دڵگەرمی کردم و ئەوە بە یارمەتی خودای گەورە و ئەرک و زەحمەتی کاک ماجد و باقی دۆست و برادران خەریکە کاری لە چاپ درانی کتێبەکەی مەرحوومی بابم کۆتایی پێ بێ.

سەید ئیبراهیمی ستوودە لە بەرواری ١٣٠٥/٥/٥ی هەتاوی لە ئاوایی کوچک چەرمگ لە ٥ کیلۆمیتری شارەدێی باینچۆ لە دایک بووە. باوکی سەید ئەحمەدی

ستووده هەر لە منداڵییەوە (٥ ساڵییەوە) ئەوی بە لای مەلای ئاواییەوە نایە بەر خوێندن و لەوێدا پاش خوێندنی ئەلفوبێ دەس ئەکاتە خوێندنی قورئانی پیرۆز. لە پاییزی ١٣١٢ی هەتاوی لە تەمەنی ٧ ساڵیدا بۆ درێژەی خوێندن دەینێرنە ئاوایی سارۆقامیش لە نزیکی سنە و لەوێ لە لای مامۆستا مەلا بایەزیدەوە جگە لە قورئان فێری خوێندن و نووسینش دەبێ و چونکوو مەلا بایزی مەولەوی زان و مەولەوی ناس بووە، هەر بۆیە ئەویش لەگەڵ مەولەوی و شیعری هەورامیدا ئاشنا دەبێ. لە پاییزی ساڵی ١٣١٣ی هەتاوی لەگەڵ بنەماڵەی دەچێتە شاری سنە و لەوێ نیشتەجێ دەبێ و لە سنەش لە لای مامۆستا مەلا شەریفەوە لە مزگەوتی دارولئیحسان درێژە بە خوێندن دەدا بەڵام هێشتا بە ئاواتی خوێندن لە مەدرەسە نوێ و تازە دانراوەکانی ئەو سەردەمە دەبێ. بەڵام بە داخەوە ئیزنی ئەم کارەی پێنادرێ تاکوو ساڵی ١٣١٥ی هاوڕێ لەگەڵ خاڵی خۆی مەرحوومی عەبدولڕەحمانی موفتیزادە بە هیوای خوێندن لە فێرگە نوێ و مودێرنەکانی ئەو سەردەمە ڕێگەی عیراق دەگرێتە پێش و مەبەستی ئەوە بووە لە ڕێگەی عیراقەوە بچێ بۆ تورکیە و لە ئەستەمبوڵ لە لای خاڵی گەورەی موحەممەدی میهری کە زانایەکی ڕووناکبیر و بەئەزموون بووە درێژە بە خوێندنی ئەمڕۆژە بدات. بەڵام لەو کاتەدا وا هێشتا بیارە و لە فێرگەی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی دەبێ نێردراوی بابی دەگاتە ئەوێ و بە زۆر دەیباتەوە بۆ شاری سنە و بەم چەشنە لە خاڵی عەبدولڕەحمانی موفتیزادە جیا دەبێتەوە و لە شاری سنە دیسانەوە لە حوجرەی فەقێکان خەریکی خوێندنی دەرسی مەلایەتی دەبێ بەڵام زیاتر مەیلی بە لای شیعر و هونراوەوە بووە. بابم جگە لە زەوقی شیعری خەتیشی زۆر خۆش بووە و هەوڵی زۆری بۆ گەشە پێدانی ئەم هونەرەی داوە. جگە لەمانە زۆر هۆگری وەرزشیش بووە. لە ئەسپسواری و تیرئەندازی و سێبازدا کە یاریی تایبەتی فەقێکانی ئەو سەردەمە بووە، شارەزاییەکی زۆری هەبووە. لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی لە دەستی خاڵی مەرحوومی موفتی ئیزنی «افتاء و تدریس» وەرئەگرێ و لە پاییزی ١٣٢٩ی هەتاویدا بە ڕێنموونی مامۆستای خۆی سەید موحەممەدی شیخولئیسلام دەچێتە زانکۆی مەعقوول و مەنقوول لە تاران و لەوێدا جگە لە دەرسە باوەکانی زانکۆ وەکوو: «صرف و نحو، منطق، کلام و ...» بە لای مامۆستایانێک وەکوو جەلالی هومایی، بەدیعوزەمانی

فرووزانفەڕ و مودەڕیسی ڕەزەوییەوە گەشەی بە زانستە شیعرییەکانی دەدا و پاش ئەوە کە لە کەم‌وکووڕی و سستی شیعرەکانی ڕابردووی تێدەگات هەموویان لە ناو دەبات. لە ساڵی ١٣٣١ی هەتاوی بە ماوەی دوو مانگ دەچێتە ئەستەمبوڵ بۆ لای خاڵی گەورەی مامۆستای موحەممەدی میهری و لە خزمەتی ئەودا زۆرێ لە وردەکارییکانی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی فێر دەبێ. لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لیسانس لە زانستگەی تاران وەرئەگرێ و وەکوو دەبیری دەبیرستان لە شاری کرماشان دەست ئەکاتە کار و لە ساڵی ١٣٣٤دا دەگەڕێتەوە بۆ سنە و لە دەبیرستانەکانی ئەم شارەدا درێژە بە کاری خۆی دەدا و لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی دێتە تاران و لە ڕادیۆی کوردی تاران و لە دەبیرستانەکانی ئەم شارەدا خەریکی تێکۆشان دەبێ و لە ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی وەکوو بەڕێوەبەری ڕادیۆی سنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم شارە و تا ساڵی ١٣٤٩ لە سنەدا دەمێنێتەوە لەم ساڵەدا دیسانەوە دێتەوە بۆ تاران و لە ڕادیۆی تاراندا وەکوو سەردەبیری گرووپی دین و ئەدەبی ڕادیۆی ئێران درێژە بە کاری خۆی دەدا و لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی خانەنشین دەبێ. پاش خانەنشینی وەکوو بەڕێوەبەری ئەنجومەنی نووسەرانی ڕادیۆ تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە بە کاری ئەدەبی خۆی دەدا و هاوکاتیش لە ئەنجومەنی شیعری وەزارەتی ئیرشاد، وەکوو ئەندام و بەڕێوەبەر تا دواڕۆژی ژیانی درێژە بە تێکۆشانە ئەدەبییەکانی دەدا. لە ئاکامدا لە ڕۆژی ١٦ی نەورۆزی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی پاش نەخۆشییەکی درێژخایەن لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و بە پێی وەسیەتی خۆی لە خاکی زێدی باب و باپیرانی لە ئاوایی باینچۆ لە پەنای گڵکۆی باپیرەگەورەی سەید شێخ ئەحمەدی باینچۆیی ئەسپەردەی خاک دەکرێ.

سەید ئیبراهیمی ستوودە لە ناو شاعیرانی باکووردا ئەحمەدی خانی لە شاعیران سۆرانی زماندا نالی و لە هەورامی زمانەکاندا مەولەوی زۆر خۆش دەویست، بەڵام هۆگری و شەیدایی و بە شیعری مەولەوی مەعدوومی شتێکی جیاواز بوو. بەرهەمە ئەدەبییەکانی بە دوو زمانی کوردی (هەورامی و سۆرانی) و فارسی بریتین لە:

١. دیوانی شیعر بە ناوی «از سارال تا توچال» بە کوردی (هەورامی و سۆرانی) و فارسی کە لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی لە تاران لە چاپ دراوە.

٢. کۆ کردنەوە و تەواو کردنی یووسف و زولەیخای کوردی بە زاراوەی هەورامی بە ناوی ئایین و ئەوین کە شیعری باپیری بابی، سەید موحەممەدی سەعیدی کوردستانییە و لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا لە تاران لە چاپ دراوە.

٣. نامیلکەیەک لە سەر کێش و سەروا (وزن و قافیە) بە زمانی فارسی کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

٤. کۆمەڵە شیعرێ بە ناوی سنەیی و دێهاتی کە بەرهەمی سەردەمی تازەلاوی ئەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

٥. کۆمەڵە شیعرێ بە ناوی شللێر و کوردەوان کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

٦. کۆ کردنەوەی دیوانی مەولەوی بەتایبەت ئەو شیعرانە وا لە دیوانەکەی ڕەحمەتی مامۆستا مەلا کەریمی بیارەدا نییە و هەروەها ڕێکوپێک کردن و ڕاست کردنەوەی برێ لە هەڵەکانی ناو دیوانی مەولەوی واتا هەر ئەم کتێبە وا لە دەستی خوێنەران دایە.

لە کۆتاییدا لە تەواوی مامۆستایان و ئەدەبدۆستانی بەڕێز داوا دەکەم ئەگەر ڕەخنە و پێشنیار و ڕێنموونییەکیان هەبێ ئێمەی لێ بێبەش نەکەن چونکوو هیچ کارێ نییە عەیب و کەم و کووڕی تێدا نەبێ.

براتان سەید سەعدەدینی ستوودە

پاییزی ١٣٩٤ی هەتاوی ـ تاران

## به ناوی خودای مەزن

سەیید «عەبدوڕەحیم»ی کوڕی سەیید «محەمەد سەعید» لە بنەماڵەی ساداتی حوسەینیی پیرخزرانیە؛ هەرچەند نازناوی لە شیعردا «مەعدووم» یان «مەعدوومی»یە، بەڵام بە «مەولەوی» بەناوبانگە.

وەجهی ناونانی سەیید عەبدوڕەحیمی مەعدوومی بە مەولەوی هێشتا بە چاکی بۆمان ڕوون نەبووەتەوە. مەلا عەبدولای داخی کە یەکێکە لە شاعیرانی هاوچەرخی مەولەوی ئەڵێ:

مەیخانە خاڵی، مەیخواران بێ شەوق        بادەکەش ماتەم بادەنۆش بێ زەوق
زیاد جە گردین شای سینەسافان        مەخدوومی مەعدووم مەولەویی جافان

بە قەرینەی ئەم بەیتەدا وا دەر ئەکەوێ کە لە ڕۆژگاری مەولەویدا لە ناوچەی تاوەگۆز و جافی جوانڕۆ، بە شاعیر و سەیید و زانای هەرەگەورەیان مەولەوی وتبێ؛ بەڵام لە خاڵی ناکامم: دوکتور «محەمەد سدیق موفتیزادە»م بیست کە: سەیید عەبدوڕەحیمی مەعدوومی لە ڕێگای بەلووچستانەوە ڕۆیشتووە بۆ زیارەتی ئیمام ڕەزا لە خوراساندا. زانایەکی بەلووچستانی عاشقی زانست و بلیمەتیی ئەو بووە و کچی خۆی ـ کە عەنبەری ناو بووە ـ لێی مارە کردووە. چوونکە خەڵکی بەلووچستان بە زانا و مەلا ئەڵێن مەولەوی، عەنبەرخاتوونیش بە سەیید عەبدوڕەحیمی مەعدوومی وتووە مەولەوی و ناوی مەولەوی براوەتە سەریا و هەر بەو ناوە بە ناوبانگ بووە.

مەولەوی لە ساڵی ١٢٢١ ی کۆچی مانگیدا لە ئاوایی سەرشاتەی ناوچەی

تاوەگۆز هاتووەتە دونیاوە و هەر لەو ئاوایەدا لە ساڵی ١٣٠٠ ی کۆچی مانگیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەڵێن لە سەرەڕێگای ئاوایی سەرشاتەدا دارێکی لەق و پۆدار بووە کە یەکێ لە لەقەقایمەکانی هاتووەتە سەر ڕێگاکە، بە جۆرێ کە ئەگەر سوارێ لە وێوە لە تاریکەشەودا بڕۆیشتایە، ئەو دارە سوارەکەی لە کۆڵ وڵاخ دادەخست. مەولەوی لە ڕۆژێگارێکدا کە چاوی ساغ بووە، چەن جار وتبووی: ئەو لەقەدارە ببڕن؛ ئەوە لە دواییدا ئەبێتە هۆی سەقەت بوونی کەسێ... بەڵام کەس گوێی نەدابوو. لەو چەرخەدا کە مەولەوی چاوی نابینا بووە، بە سواری وڵاخ لە ژێر ئەو دارەوە گوزەری کردووە، کە بۆ دیتنی یەکێ لە دۆستانی بڕوا؛ بە هۆی ئەو لەقەدارەوە لە وڵاخەکە کەوتووەتە خوار و پشتی دەشکێ و بە ڕەحمەتی خوا دەچێ.

ئەو جۆرە کە مێژوونووسانی کورد نووسیویانە، مەولەوی بۆ دەرس خوێندن زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران و عراقی داوەتە پاوە و لە هەر کوێ زانایەکی بە ناوبانگ بووە خۆی پێ گەیاندووە و لە سەرمایەی زانستی ئەو زانایە سوودی وەرگرتووە؛ تا لە دواییدا خۆی بووەتە یەکێ لە مەلایانی زانای ئەو چەرخە، لە سەرف و نەحو و فیقهـ و ئوسوول و مەنتیق وکەلام و هەیئەت و باقی زانستەکانی ڕۆژگاری خۆیدا؛ مەلایەکی زۆر تەوانا بووە. ئەو زانستانەی کە وتمان، گەلێ لە زانایانی خاوەن گۆش و هۆش توانیویانە دەسیان پێیان بگا؛ بەڵام مەقامی شیعریی مەولەوی لە کوردیدا کەم کەس دەستی پێی گەیشتووە و ئەگا.

مەولەوی دوو جۆر شیعری وتووە: شیعری زانستی و ئێعتیقادی و شیعری ئەوینی و غەرامی و عیرفانی. شیعرە زانستییەکانی ـ کە لە سێ کتێبدا بە ناوی: «الفوایح»، «العقیدة المرضیه» و «الفضیله» خڕ بوونەتەوە ـ چونکە ویستوویە زانست بهێنێتە قاڵبی شیعرەوە، ئیتر بۆی نەکراوە شیعرە غەرامیەکانیان تێدا بگونجێنێ و ئەم کۆسپە تەنیا لە ڕێگای مەولەویدا نەبووە. زانای زەمانە شێخ مەعرووفی نەودێیی لە هۆنینەوەی فەرهەنگی هۆنراوەی «احمدیە»، ئەبوونەسری فەراهی لە هۆنینەوەی فەرهەنگی هۆنراوەی «نصاب صبیان» و مەلا هادی سەبزەواری لە هۆنینەوەی مەنزوومە و سەدان هۆنەری زانستهۆنی تر لە هۆنراوەکانیاندا

دووچاری ئەم کۆسپە بوون... بریا ڕەوشتی هۆنینەوەی زانستەکان نەمابایە!

بەلام لە شیعرە ئەوینی و غەرامیەکانیدا ـ کە مەیدانی خۆ پیشاندانی بووە ـ کەم کەسی پێی گەیشتووە و ڕەنگە کەم کەسیش پێی بگا. بێ موبالەغە من لە فارسی و کوردیدا وەکوو ئەوانەم کەم دیوە.

مەولەویش وەکوو خاقانی و نیزامی، زانستی ئەستێرەناسی و پزشکی و موسیقیی بە مەهارەتێکی تەواو هێناوەتە ناو شیعرەکانی:

بورجێش هەن بەرزەن سەعد ئەکبەرەن
جە گەردین بورجان شەرەفناکتەرەن
بووڵ کەردەن وە سەر هەر حەفت تارەمدا
خوسووسەن وە سەر چەرخ چارەمدا
هەسارەی تاڵەی مەینەت گازەکە
خوەرشیدەکەی ئەوج بورج نازەکە
ها نە خانەی ئەوج بورج شەرەفدا
نوورئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا

***

لەیل زوکامشەن ئێدەن عیلاجش
چوونکە وە هوونم تەشنەن میزاجش
هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش
پیشیای وە نار کوورەی عێشق وێش
وە نووک موژگان سۆراخش کەرۆ
گەرمیش مەشامەی دەماغش دەرۆ

***

فەڵەک داد جە دەرد بێ دەواکەی تۆ
موغەننی فەریاد ئەو نەواکەی تۆ
بوڵەند کەر مەقام دڵسۆز وە ڕاسی
تەنزیلش وە فەرد خاڵۆی کۆماسی

***

## شوێنەوارەکانی مەولەوی

مەولەوی بە چوار زوانی: عەرەبی، فارسی، کوردی گۆرانی (هەورامی) و کوردی سۆرانی شیعری هۆنیوەتەوە. پەخشانی عەرەبی و فارسیشم لێوە دیوە، بەڵام پەخشانی کوردیم چاو پێ نەکەوتووە.

باوکم نووسیویە: لە ڕۆژگاری «ناسرەدین شا»دا فەرهاد میرزا (معتمدالدولە) بووەتە والیی کوردستان و چون شۆرەتی زانایی و شاعری مەولەوی بیستووە، چەن جار لێی نووسیوە کە بڕوات بۆ لای؛ بەڵام مەولەوی ـ کە ڕەوشتێکی دەروێشانەی بووە ـ نەڕۆیشتووە. لە ئەنجامدا فەرهاد میرزا نامەیەکی زۆر ڕەق و مەلایانەی لە مەولەوی نووسیوە و ویستوویە پیشان بدا کە لە زانست و ئەدەبدا لە مەولەوی کەم نییە. مەولەویش کاتێ کە نامەکە گەیشتووەتە دەستی زانیویە فەرهاد میرزا ئەیەوێ بە سەریدا فەزڵ فرۆشی بکا، وەڵامێکی بۆ فەرهاد میرزا نووسیوەتەوە ئەوەندە مەلایانە و ڕەق بووە کە فەرهاد میرزا چەن کەس لە زانایان و مەلایانی ئەو چەرخەی لە دەوری خۆ خڕ کردووەتەوە و قاموس و فەرهەنگەکانی فارسی و عەرەبییان هێناوە تا مانای نامەکەی مەولەوی ڕاس بکەنەوە. فەرهاد میرزا ناچار لە وەڵاما ئەم قەتعەیەی بۆ مەولەوی هۆنیوەتەوە و تکای لێ کردووە کە بڕوا بۆ لای:

مولوی جانم! از برای خدا
در نوشتن تأملی فرما
یا چنان نامه ده که خوانده شود
یا خودت همره نوشته بیا

پەخشانی فارسیی مەولەوی بە شێوەی نووسەرانی ئەو ڕۆژگارە مەلایانە و خاوەنی سەجع و قافیەیە. بە لای خوالێ خۆش بوو شێخ «نیزامەدین غیاسی» و خوا لێ خۆش بوو «بابا مەردۆخ ڕۆحانی» نووسەری مێژووی «مشاهیر کورد»ەوە چەن نامەی مەولەویم بە خەتی خۆی دیوە کە ئەو نامانە پیشان ئەدەن مەولەوی تا چ ڕادەیەک زانا و لە پەخشانی فارسی و عەرەبیدا تەوانا بووە. ئەوە بۆ نموونە،

نامەیەکی کورتی مەولەوەی کە بە فارسی بۆ حەزرەتی «شێخ عەبدورەحمانی تاڵەبانی»ی نووسیوە، ئەهێنین:

«عرضه آنکه خامه را وسعت واسطه گری در آن آستانه نیست؛ لکن الغریق یتشبث بکل حشیش. از قالب اگر تفحص فرمائید، گردی است که دامن استغنایت افشانده، یا غباره‌کی که از سم سمند رعنایت وامانده. اگر از قلب تفتیش نمائید، آلودگی و ربطی که با او در میانست از آنست که عرش رحمانست. پس اگر به طریق قهقری التفاتی را به سوی آن کرده باشید ـ که به چه هوائی بر باد رفت ـ سزا، و اگر تجلی را از عرش خود برندارید به جا.» والسلام علی من اتبع الهدی، المعدوم عبدالرحیم الحسینی.

مەولەوی تەواوی شیعرەکانی ـ لە عەرەبی و فارسی و کوردیدا ـ بە قاڵبی مەسنەوی هۆنیوەتەوە و قەسیدە و غەزەل و موسەممەت و موستەزاد و ئەو چەشنە شیعرانەی نەوتووە. تەنیا لە یەک ـ دوو جێگا لە دیوانەکەیدا چوار ـ پێنج بەیتێکی بە چەشنی نەوپەردازانی ئەمرۆ هۆنیوەتەوە!

ئەو شوێنەوارانە لە هۆنراوەکانی مەولەوی کە ئێمە دیومانە بریتین لە:

١. «الفوایح»، بە زوانی فارسی لە بەحری هەزەجدا کە هەوەڵ بەیتەکەی وا دەس پێ ئەکا:

چو در خود بینم از بس روسیاهی
نگنجد ای الهی، یا الهی

ئەم مەسنەوییە فارسییە ـ کە لە زانستی کەلامدایە ـ ٥٢٧ بەیتە.

٢. «الفضیله»، بە زوانی عەرەبی لە بەحری ڕەجەزدا کە هەوەڵ بەیتەکەی وا دەس پێ ئەکا:

بسم الله الرحمن الرحیم
من تاه فیه نُهیه الحکیم

٣. «العقیده المرضیه»، بە زمانی کوردی سۆرانی لە بەحری «متقارب مثمن اثلم»دا کە هەوەڵ بەیتەکەی وا دەس پێ ئەکا:

زوبدەی عەقیدە و خولاسەی کەلام
هەر لە تۆ بۆ تۆس حەمد و سەنای تام

ئەم مەسنەویەش ـ کە وەکوو دوو مەسنەویەکەی تر لە زانستی کەلامدایە ـ ٢٤٥٢ بەیتە.

٤. دیوانی مەولەوی؛ ئەو پارچە شیعرە ئەوینی و عیرفانییە جوانانە کە مەولەوی هۆندوویانیەتەوە، دیوانێکی پڕ لە نوکتەی شیرینی عرفانی و غەرامی، پڕ لە سەنایعی بەدیعیان پێک هێناوە کە بوونەتە هۆی زۆرتر بەناوبانگ بوونی مەولەوی. ئەو پارچە شیعرانە کە بچووکترینیان دوو بەیتە و گەورەترینیان ناگاتە پەنجا بەیت، لە نوسخەکەی مامۆستا «عەبدولکەریم مودەڕیس»دا ٢٥٤ پارچەن و لەم نوسخەدا کە من کۆم کردووەتەوە ٢٩٥ پارچەن و ژمارەی بەیتەکانی نوسخەکەی مامۆستا «عەبدولکەریم مودەڕیس» ٢٤٥٨ بەیتە و ژمارەی بەیتەکانی ئەم نوسخەیە کە من کۆم کردووەتەوە ٢٧٢٨ بەیتە. ٢٩ تاکە بەیت (فەرد) وا لە هەردوو نوسخەکەدا کە لە گەڵ پارچە شیعرەکاندا نەمانهێناوەتە حەسێو و لە کۆتایی دیوانەکەدا بە جیا نووسیومانەتەوە.

هەروا کە گوتمان تەواوی هۆنراوەکانی مەولەوی وان لە قاڵبی مەسنەوی و سەریان لە شیعرشناسەکان شێواندووە؛ مانا و مەزموونیان وەکوو غەزەل و قەسیدەیە بەڵام قاڵبیان قاڵبی مەسنەویە (یانێ هەر بەیتێ بۆ خۆی قافیەیەکی جیاوازی هەیە) بەو بۆنەوە بڕێ جار شیعرشناسەکان قەسیدە و بڕێ جاریش غەزەلیان پێ ئەڵێن کە هەردوویان هەڵەیە. منیش لەم دیوانەدا جار ـ جارێ خۆم هەڵەم کردووە و ناوم ناون غەزەل، بەڵام لە زۆرتری پەراوێزەکاندا هەر بە پارچەشیعر ناوم بردوون و هەر ئەمەش سەحێحە.

٥. مەولەوی لە مندالیدا مونازەرەیەکی لە نێوان «کورد» و «گۆران»دا هۆنیوەتەوە کە گەلێ لە نالەبارییەکانی کۆمەڵی ئەو ڕۆژگارەی بە چەشنی شۆخی و گاڵتە دەرخستووە؛ ئەمەش ئەزانین کە وشەی «کورد» لە ڕۆژگاری مەولەویدا بە کوردی کۆچەر ویژراوە و وشەی «گۆران» بە کوردی نیشتەجێ لە شارەکان یان لە ئاواییەکان. من ئەو مونازەرەم لە «سەید عەبدوڵای»ی دەنگخۆش ئەبیست کە لە سەیدەکانی دوەیسەی نزیکی شاری سنە بوو. ئەو سەیدە ئەیوت: ئەم شیعرانە نزیکەی ٤٠٠ بەیت ئەبن.

ئەمەش چەن بەیت لەو مونازەرەیە کە بە تەک و لۆ لە حافزەمدا ماونەتەوە:

ئـــەوەڵ جـــار کـــوردە وتی ئـــەی گـــۆران
لـــە وەخـــت خواردنـــا وەنـــە بـــا و بـــۆران
لـــە ژێـــری قورســـی هـــەر کـــا و بـــا ئەکـــەن
کەروێشـــک ببیـــنن حـــەوت کێـــو ڕا ئەکـــەن

گۆران ئەڵێ:

بـــــەهار دێتـــــەوە فەســـــڵ خێڵـــــە و ژوور
کڵـــک ئەڵـــەقێنن وەک گـــەماڵ لـــە دوور
لێوتـــان لـــە خـــواردن گیـــا ســـەوز ئـــەوێ
بـــۆ نانـــێ گـــەنمین چاوتـــان حـــەوز ئـــەوێ

دیارە کە ئەم هۆنراوانە لە شیعری مەولـەوی ناکـەن، بـەڵام ڕەنگـە هـۆنراوەی سەردەمی هەرەمنداڵی ئەو زاتە بووبێ. گەلێ لە شاعیرانی مـەزن لـە تەمـەنی١٥ و ١٦ساڵیدا شیعریان هۆندووەتەوە کە لە شیعری ڕۆژگاری کامڵ بوونیان ناکا.

بەو جۆرە کە لە باوکم و مامۆستا «مەلا بایزیدسارۆقامیشی» م بیست مەولـەوی باڵایـەکی بـەرز و دیمـەنێکی گـردی بـووە کـە دانـە ـ دانەیـەکی هاوڵـەی تێـدا کەوتووەتە پێش چـاو. چـاوی ڕەش و کـەمێ تـەنگ و لـووتی گـرد و دیمـەنی گەنمگۆنی بووە. زۆر قسەخۆش و نوکتەسەنج و لە عەینی دەسـتەنگیدا سـەخی و دەسبڵاو بووە. سیپاڵی مەلایی لە بەر کردووە و مێزەرەی سەوزی ناوەتە سەر. بڕێ جاریش لە کاتی سواریدا ـ بە ڕەوشتی جافان ـ چەکمەی لە پێ و قاپووتی لە بـەر کردووە.

یەکێ لەو فەقیانە کە لە «عوامل» تـا «تهـذیب الکـلام» ی بـە لای مەولەویـەوە خوێندووە، مەلا فەتاحی قەڵوەزەیی بووە. «قەڵوەزە» ئاواییکە لە شەش فەرسەخی باکووری سنەدا. ڕۆژێ مەولەوی ئەڵێ: ئەرێ مەلا فەتاح! خەڵکی ئەڵێن تۆ پسپۆڕ و زیرەکـی؛ وەرە پرسـیاریکت لـێ بکـەم، ئەگـەر بیـزانی منـیش دان ئـەنێم بـە

زیرەکیتدا. مەلا فەتاح بە ترس و لەرزەوە ئەڵێ: مامۆستا فەرموو... مەولەوی ئەڵێ: ئەم مەتەڵە یانێ چی: «پیری و سەد عەیب». مەلافەتاح کەمێ تێتەوە سەرخۆی و ئەڵێ مامۆستا! من زۆر حەپەسام، وامزانی پرسیارێکی سەختم لێ ئەفەرمووی، خۆ ئەمە زۆر ئاسانە؛ یانێ: هەرکەس پیر ببێ گرفتاری سەدعەیب ئەبێ. مەولەوی ئەڵێ: مەلا فەتاح ئەمزانی نایزانی بۆیە پرسیارم لێ کردی. ڕۆڵە! لەم مەتەڵەدا ئەو «و»ە، واوی بەرانبەری و موقابەلەیە؛ یانێ ئەگەر پیرێ جگە لە پیری هیچ عەیبێکی نەبێ و ساغ و سالم بێ بەڵام جەوانی سەد عەیبی ببێ وەکوو: کوێری و کەچەڵی، کەڕی، لاڵی و ... جا ئەو کاتە پێکەوە بەرانبەرن.

ئەڵێن مەولەوی ڕۆیشتووە بۆ کەرکووک و بۆ ئەوەی خەڵکی نەیناسن و ئازاد لە ناو شاردا بگەڕێ، قاپووتێکی جافی لە بەر کردووە و تیکەیێ چیتی داوەتە دەوری سەری. «شێخ ڕەزای تاڵەبانی» پێ گەیشتووە و بە زیرەکی زانیویە ئەو چیتە شتێکی عادی نییە بە دەوری سەری ئەو پیرەمەردەوە. لە مەولەوی پرسیوە: لاله! ئەمە چییە بەسەرتەوە؟ مەولەویش وتوویە: کاکە! چیتە بە سەرمەوە. شێخ ڕەزا بەو ئیهامە جوانەدا زانیویە کە مەولەویە و دەستی ماچ کردووە.

ئەڵێن پاش سەفەرێکی دوور و درێژ کە بۆ مەولەوی و چەن کەسیتر پێش هاتووە، لە مەولەویان پرسیوە: لەم سەفەرەدا ئەسپتان پێ بوو؟ مەولەوی وتوویە: بڕێکمان ئەسپمان پێ بوو، بڕێکیشمان ئەسپمان پێ بوو! (پێی دووەم بە مانای «رجل»ی عەرەبیە).

ئەڵێن لە ڕۆژگارێکدا کە «غولام شاخان» والی کوردستان بووە، مەولەوی چووە بۆ سنە و زانایان و هونەردۆستان لە دەوری خڕ بوونەتەوە و پێیان وتووە: کابرایەکی دەنگخۆش بە ناوی «حەمەتووداری» هەیە کە شیعری جەنابت باش دەخوێنێتەوە. ئیزن ئەدەی بێ و شیعری ئێوەمان بۆ بخوێنێتەوە؟ مەولەویش ئیزن ئەدا و کابرای دەنگخۆش دێ و چەن بەیت لە مەولەوی دەخوێنێتەوە. مەولەوی ئەڵێ: ئافەرین کاکە حەمە! هەم دەنگت خۆشە و هەم شیعرەکانیشت باشن. کابرای دەنگخۆش ئەڵێ: قوربان! من حەدم چییە، شیعر شیعری ئێوەیە. مەولەوی ئەڵێ: کاکە! وەڵلا من شیعری وام نەوتووە.

ئەم قسەی مەولەویە دوو جۆر مانا هەڵئەگرێ:
١. ئەوەندە شیعری مەولەوی تەنانەت لە ڕۆژگاری ژیانیدا دەسکاری کراوە و گۆڕدراوە کە ئەو شیعرانە لە شیعری مەولەویان نەکردووە.
٢. حەمەتووداری ئەوەندە شیعرەکانی مەولەوی بە هەڵە خوێندبێتەوە کە لە شیعری مەولەویان نەکردبێ.

مەولەویش وەکوو زانا و ئەدیبەکانیتر کە لە درێژەی مێژوودا بەسەرهاتیان ئەخوێنینەوە، هەژار و دەستەنگ و نەدار بووە و جەوانمەردی و پارێزگاری بە ماڵ و مەتای دونیا نەفرۆشتووە. سەعدی دەڵێ:

بە سرو گفت کسی میوه ای نمی آری
جواب داد کە آزادگان تهی دستند

مەولەوی، خۆشی بە تەنگی ژیان ئاوا ئیشارەی کردووە:

پیری و فەقیری و کەسیفی هەرسێ
نەبۆ وە هێجران باری هیچ کەسێ

لەگەڵی ئەوەشدا بە لای خاس و عامەوە قەدر و قیمەتێ زۆری بووە و خاکی پێڵاویان کردووەتە سورمەی چاو.

لە سەردەمی منداڵیدا لە مامۆستام، مەلا بایزیدی سارۆقامیشیم بیست، وتی: مەلا محەمەد ئەمینی مامم بە مەلا ئەحمەدی باوکمی وت: کاکە! دوێنێ مەولەویم چاوپێ کەوت. باوکیشم ئەوەندە بە ڕاسبێژی مامم بڕوای بوو نەیوت ئەمە نزیکی ٣٠ ساڵە مردووە، تۆ چۆن چاوت پێ کەوت؟ بەڵکە وتی: لە کوێ چاوت پێ کەوت؟ مامم وتی: لە بێخ دارگوێزەکانی «مێڵەفتوو»دا. «مێڵەفتوو» ناوی مەزرایەکە لە ئاوایی «دوەیسە»ی نزیکی سنە.

من بۆ خۆم ئەم باسە لەو پیاو ڕاستانەوە بە درۆ نازانم و بەم جۆرە باسانەش بە ئاسانی بڕوا ناکەم. ئەم داستانەم بۆ ئەوە هێناوە کە بزانرێ عارفان و ئەهلی دڵ،

مەولەوی بە عارف و ئەهلی دڵی ئەزانن و ئەهلی دڵ، مردنیان بۆ نییە. حافز دەڵێ:

هرگز نمیرد آنکه دلش زنـده شـد بـه عشـق
ثبــت اســت بــر جریــدەی عــالم دوام مــا

هەر هەواڵێ ئەتوانێ ڕاس یان درۆ بێ، خودا لە هەموو کەسێ زاناترە.

داوەری هەندێ لە زانایان و شیعرشناسانی کورد لە بارەی مەولەویدا:

١. مەلا عەبدولعەزیم موجتەهیدی کوردستان: شیعری مەولەوی بەرەکەتی لێ ئەبارێ.

٢. مەلا عەبدوڵای موفتی کوردستان: هیچ شاعیرێ ناگاتە مەولەوی.

٣. مامۆسـتا محەمـەد مێهـری بورهـانول ئیسـلام دانیشـتووی ئیسـتانبووڵ: شـیعرێکی مەولەوی بەرانبەرە لەگەڵ دیوانی هەموو شـاعیرانی هـەورامی هۆنـدا، هـەر وەکـوو شیعرێکی نالی بەرانبەرە لەگەڵ دیوانی هەموو سۆرانی هۆنەکاندا.

٤. مامۆستا عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی، هەژار: من شیعری نالی و مەولەوی، لـە شیعری هەموو شاعیرەکانی کورد بە باشتر ئەزانم.

٥. دوکتور محەمەد سدیق موفتیزادە: پاش مەولەوی ئیتر حەیفە کەسـێ دەس بـۆ قەڵەم ببا و شیعر بهۆنێتەوە.

٦. سەید سەعدەدین ئەمینوساداتی ئەوەڵ: ئەگەر موجتەهید بوایـام، فتـوام ئـەدا بـە جێگای ئەورادی پاش نوێژ، شیعری مەولەوی بخوێنرێتەوە.

٧. سەید عەلی ئەمینوساداتی دووەم: من شیعری مەولەوی ئەمباتە دونیایەکی تر.

٨ مامۆستا حاجی مەلا خالد موفتی کوردستان: من شیعری مەولـەویم لـە شـیعری هەر شاعیرێ پێ خۆشترە.

٩. مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس: مەولـەوی پایەیـەکی بولـەندی بـووە لـە نـاو زاناکانی کورددا.

١٠. مامۆستا عەنایەتولا دشەیی: بە وەحدانیەت ئەحەد هیچ کەس ناتوانـێ شـیعری وا بڵێ کە مەولەوی وتوویە:

دا بـــەزم خوســـرەو شـــیرین وە هەمـــدا
جـام دا وە سـەر جـەم، جـەم وە سـەر جەمـدا

نامـەی نـامی نـام حاتـەمش کـەرد تـەی
کەرد وە کاسە کـەل کاسـەی کەللـەی کـەی

١١. مامۆستا بابا مەردۆخ ڕۆحانی: مەولەوی لە قالبی هۆنراوەی کوردیدا مەزامینی عرفانی و فەلسەفی و غەرامی لەگەڵ تەشبیهات و ئیستعاراتی جوان و دلـڕفێندا بـە چەشنێ مامۆستایانە ئاراستە کردووە و ڕژاندوویەتە قالب کە خوێنەر مەجزووب و مەحسوور ئەکا.

١٢. مامۆستا میهرداد ئەوێستا[1]: هۆنەری ناسک خەیالی وەکوو مەولەوی کورد لـە ناو شاعیرانی فارس و عەرەبدا نییە.

---

١. لە شاعیرانی گەورەی هاوچەرخی ئێران

## مەولەوی و شێخ عەبدولقادری موهاجر

ئەڵێن مەولەوی لە خزمەتی شێخی موهاجردا بووە، مەسەلەیەکی کەلامی هاتووەتە پێش؛ مەولەوی بە خیلافی شێخی موهاجر نەزەری داوە و قورس و قایمیش لە سەر بیر و ڕاکەی خۆی ڕاوەستاوە. شێخی موهاجر ـ کە یەکێ لە زانایانی گەورەی ئەو چەرخە بووە ـ بە مەولەوی وتووە: سەید! تۆ چیت داوە لە عیلمی کەلام، بڕۆ «چریکەی سوڕنا و پریکەی خەنە» بڵێ. مەولەوی لە بیستنی قسەکەی شێخی موهاجر زیز ئەبێ و ئەڵێ: یا شێخ! شەرت بێ کتێبێ لە عیلمی کەلامدا بنووسم کە تۆ بە حەوت قامووس مانای نەزانی. جا لە پاشان بە سێ زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی ئەم سێ کتێبەی لە زانستی کەلامدا هۆنیوەتەوە و تانەی داوە لە شێخی موهاجر کە شەرحی تەزهیبەکەی لە زانایانیتر وەرگرتووە و ئەڵێ:

بیگری و بیدزی و کلکی هەڵپاچی
لە دەس ساحێوماڵ هێشتا دەرناچی
با «قُلتُ» نەبێ و «قالَ» بێ و تەمام
هەر ڕاسی چاکە، خاتیمەی کەلام

لەگەڵ ئەم زیزبوونەشدا لە مامۆستای تاریخناسی کورد، جەمیل ڕۆژبەیانیم بیست کە: مەولەوی لە دواییدا لە «پارچەی تەئلیفات»ی، شێخی موهاجر تاریف دەکا و ئەڵێ:

پارچەی تەئلیفات شێخ موهاجر
کەسادەن نیەن موشتەری و تاجر

# ژیانی من و دیوانی مەولەوی

من هەر بە منداڵی لەگەڵ شیعری مەولەوی گۆچ کراوم و لە تەمەنی حەوت - هەشت ساڵاندا بە هۆی باوکم «سەید ئەحمەد» کوڕی سەید سەعدەدین ئەمینوسادات و مامۆستام مەلا بایزیدی سارۆقامیشیەوە شیعری مەولەویم لەبەر کردووە و لە باوک و مامۆستام شیعری مەولەویم زۆرتر لە هەموو شاعیریێ بیستووە و ستایشی مەولەوی لەگەڵ شیری دایک و ژینی ڕۆژانەمدا هاتووەتە گوێ و هەر ئاواتی دڵم بووە کە بتوانم خزمەتێکی سزاواری ئەو زاتە گەورە ئەنجام بدەم.

باوکیشم خەیاڵێکی وای لە سەردا بوو، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو خزمەتە، لەگەڵ حاجی مەلا خالیدی موفتی خاڵم و حاجی مەلا عەلی سەبباردا - کە هەموویان هەورامیزان و مەولەوی شناس بوون - قسەیان کردە یەکێ و چەن جەلەسەیەکیشیان پێک هێنا، بەڵام داخەکەم مەرگ دەرفەتی نەدانێ و سێ کەسەکەیان بە شوێنی یەکدا کۆچی دواییان کرد.

بە شوێنی ئەواندا، خاڵی زانا و ناکامم دوکتور «موحەمەد سدیق موفتیزادە» خەیاڵێکی وای کەوتەسەر و چەندین نوسخەی هێنایە دەس و ماوەیەکی زۆر ڕەنجی کێشا، تا هەم بتوانێ دیوانێکی سەحیح ئامادە بکا و هەم شیعرە ڕەقەکانی مانا بکاتەوە و پەراوێزێکی باشیان لێ بنێ کە لەگەڵ بناغەی ڕێزمانی کوردیدا بەرانبەر و مونتەبێق بێ. بە داخەوە ئەویش مەرگ دەرفەتی نەدا و بە ناکامی داخی مەرگی خۆی نا بە دڵی زانایان و ئەدەب دۆستانەوە و کارەکەی ناتەواو ما. ناچار من، هەرچەن دەسمایەیەکی زانستی و ویژەیی وام نییە و خۆم بۆ ئەنجامی کارێکی وەها گەورەوە بە بچووک ئەزانم، خەیاڵی چەن ساڵەی خۆم و کەس و کارەکەمم هێنا عەمەل و ویستم، کە بە تەفسیل هەم مەوزووعی شیعرەکان و هەم ماناکەیان بنووسم. لە چارەڕەشی هەر تەسحیح و خڕ کردنەوەی دیوانی مەولەویم تەواو کرد. پێش ئەوەی کە بتوانم مەوزووعەکانی ڕوون بکەمەوە و ماناکانی بنووسم، هەردوو چاوم هاتەگل و ناچار بووم عەمەلی پەیوەندی قەرنیە بکەم و پاش پەیوەندی قەرنیە، پزشکان هەواڵیان دامێ کە چاوت خەریکی ئاومرواری هێنانە. ئیتر هەر بە خڕ کردنەوە و تەسحێحی دیوانەکە خۆمم دڵخۆش کرد و وتم مەبادا منیش وەکوو

باوکم و خاڵوەکانم نەتوانم ئەو ئارەزووە چەن ساڵە بەجێ بێنم.

## ڕەوشتی من لە نووسینەوەی دیوانی مەولەویدا

ئەمانەتداری، کارێکی زۆر سەختە و هەرکەس کتێب یان شیعری کەسێکی تر بنووسێتەوە ئەمانەتداری خاوەنی ئەو کتێب و شیعرەیە و ناتوانێ بە مەیلی خۆی دەستی تێ ببا و هەر ناتەواویەکی تێدا ببینێ بە سەلیقەی خۆی دەسکاری بکا. ئەگەر باسی ئەمانەتداری لە نێواندا نەبوایە، جێگای زۆرێ لە شیعرەکانی ئەم دیوانەی مەولەویم ئەگۆڕی و پەس و پێشم ئەکرد و زۆرێ لە تەرکیبی شیعرەکانم ئەگۆڕی و گەلێ لەو شیعرانەم ـ کە لە شیعری مەولەوی ناکەن ـ حەزف ئەکرد؛ بەڵام ئەم کارانە شەرتی ئەمانەتداری نین. ئەشێ چ نووسراوە هەر ئەوە بنووسین و چ وێژراوە هەر ئەوە بڵێین. جا لە بەر ئەوە کاتێ کە دەسم کرد بە کۆکردنەوەی دیوانەکەی مەولەوی، جگە لە غەڵەتە زۆر ئاشکراکان هەر ئەوەی کە لە دیوانەکاندا بوو نووسیم و نەموێرا هیچ تەغیرێ بدەم لە شیعرەکاندا و دەستی تێ ببەم.

برا زانا کوردەکان! وا بیر نەکەنەوە کە من وا ئەزانم مەولەوی باش شیعری نەوتووە، یان مەقامی مەولەوی لەوانەیە کەسێ بتوانێ دەس بباتە نێو شیعرەکانی؛ بەڵام ئەوانەی کە دیوانی مەولەویان نووسیوەتەوە بە غەڵەت دەسکاری دیوانەکەیان کردووە و ئاوڕووی هەندێ لە شیعرەکانیان بردووە و کردوویانەتە شەڕەپشیلە.

بۆ نووسینەوەی دیوانێکی تا ڕادەیەک بێ غەڵەت و جامێع، تەنیا سێ دیوانم لە دەسدا بوو:

١. دیوانێ کە مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس کۆی کردووەتەوە و زۆر ڕەنجی کێشاوە تا توانیویە دیوانێکی وەها سەحیح کۆکاتەوە و مانای شیعرەکانیشی بنووسێ. ئەگەر ڕەنج و زەحمەتی ئەو زاتە زانایە نەبوایە، نەمئەوێرا دەس بۆ ئەم کارە ببەم.

٢. دیوانێ کە باوکم حاجی سەید ئەحمەد ستوودە بە خەتی خۆی نووسیویەتەوە؛

بەلام داخەکەم مانای لێ نەکردووە. ئەم دیوانە پاش دیوانەکەی مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس ئەتوانم بلێم سەحیحترین و جامێعترین دیوانێکە کە بە چاوی خۆم دیومە.

٣. دیوانێ کە شادڕەوان مەلا بایزیدی سارۆقامیشی بە خەتی خۆی نووسیویەتەوە و پوورەزای بەڕێزم کاک سەید مەهدی قوڕەیشی بۆی ناردم.

٤. چەن شیعرێکی تریشم لە دەسدا بوو کە ئەوەندە غەڵەت و بەدخەت بوون هیچ کەڵکیان نەبوو.

لە دیوانەکانی باوکم و مەلا بایزیدا چەن پارچە شیعر بوو کە لە دیوانەکەی مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیسدا نەبوو، وە لە دیوانەکەی ئەویشدا چەن پارچەشیعر هەبوو کە لەو دوو دیوانەکەی تردا نەبوو.

من، بە یاری خودا لە هەرسێ دیوانەکە کەڵکم وەرگرت و دیوانێکی جامێعتر و سەحێحترم نووسیەوە؛ بەلام وشە و تەرکیباتی هەرسێ دیوانەکەشم لە چاو دانەخست و لە ژێری پارچەشیعرەکاندا نووسیمەوە و ئەگەر گومانم بوو کە شیعرێ هی مەولەویە یان نە، ئەوەشم نووسی.

نیشانەی دیوانەکانم بەم چەشنە دانا:

١. دیوانی مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس: «کەریم»
٢. نوسخەی حاجی سەید ئەحمەد ستوودە: «ئەحمەد»
٣. نوسخەی مەلا بایزیدی سارۆقامیشی: «بایزید»

## سێ ڕەخنە و سێ وەلام

لە سەرانسەری شیعرەکانی مەولەویدا سێ ڕەخنەم چاو پێ کەوت کە ئەگەر بە وردی وەلامی ئەو سێ ڕەخنە نەنووسمەوە، ڕەنگە ئەدیبە زاناکانی کورد بە ڕەخنەیەکی گەورەیان بدەنە قەڵەم و پایەبەرزی مەولەوی بە لایانەوە نزم بێتەوە؛ ئەمەیە ئەو سێ ڕەخنە:

١. مەولەوی لە چەن جێگادا جەمعی موکەسسەری عەرەبیی، دیسان بە/ان/ی جەمعی کوردی جەمع کردووەتەوە. وەکوو: ئەغیاران، کە ئەغیار خۆی جەمعە و

ئیتر نابێ بە /ان/ جەمع ببێتەوە.
٢. مەولەوی لە چەن جێگادا مەسدەری بە جێگای ئیسمی فاعیل هێناوە؛ وەکوو هێنانی «ئینتیزار» بە جێگەی «مونتەزیر».
٣. مەولەوی لەم بەیتەدا:

چل چەنگ نە سەر چەنگ وێت بدەر قەرار
وە هەزاردەستان بنوازەم ئیمجار

«چل چەنگ»ی بە مانای ئەسبابی موسیقی هێناوە، لە حاڵێکدا چلچەنگ بە مانای شانەیە.
وەڵامی هەرسێ ڕەخنەکە:
١. شاعیرانی پایەبەرز و گەورە ئەم کارەیان کردووە، وەکوو: «منوچهری دامغانی» کە ئەڵێ:

نجیب خویش را گفتم سبکتر
الا ای دستگیر مرد فاضل
بیابان درنورد و کوه بگذار
منازلها بکوب و راه بگسل

لێرەدا «منازِل» خۆی جەمعی موکەسسەرە و «منوچهری» /ها/ی کە نیشانەی جەمعە لە ئاخریدا زیاد کردووە و وتوویە: «منازلها». هەموو شیعرشناسان دەڵێن کە ئەم کارە بۆ مامۆستایانی گەورە عەیب نییە.
٢. هێنانی مەسدەر بە جێگای ئیسمی فاعێل بۆ موبالێغەیە، وەکوو «زیدٌ عدلٌ» واتە «زەید» زۆر عادڵە. لەم بارەدا «مولانا جلال الدین محمد بلخی» شیعری زۆری هەیە، وەکوو:

در هوایت بیقرارم روز و شب
سر ز پایت برندارم روز و شب
جان روز و جان شب ای جان تو
انتظارم انتظارم روز و شب

لێرەدا هێنانی «انتظار» بە جێگای «منتظر» بۆ موبالێغەیە.
٣. ئەو پارچەشیعرە کە ئەو بەیتەی تێدایە چل چەنگی بە مانای ئەسبابی موسیقی

داوەتە قەڵەم لە نوسخەکانی «ئەحمەد» و «بایزید»دایە و لە نوسخەکەی «کەریم»دا نییە. لەو دوو نوسخەدا، چلچەنگ بە چەشنی جیاواز «چل چەنگ» نووسراوە. «چلچەنگ» ئەگەر بەسەر یەکەوە بنووسرێ، بە مانای شانەیە؛ بەڵام ئەگەر بە جیا «چل چەنگ» بنووسرێ واتە «چل دانە چەنگ»، ئیتر مانای شانە نادا و یانێ چل دانە ئەسبابی موسیقی. مەولەوی لێرەشدا بە هەڵە نەڕۆیشتووە، بەڵکە موبالێغەی کردووە.

***

دۆستانێ کە لە جەم کردنەوەی ئەم دیوانەدا یاری و یاوەریان کردووم و سپاسیان ئەکەم، بریتین لە:

١. مامۆستا کاک «هادی مورادی» کە زۆر هەڵینام بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.
٢. نووری چاو و مامۆستازادەم کاک «ماجد ڕۆحانی» کە لە تەسحیح کردن و لە چاپ دانی ئەم دیوانەدا زۆر ڕەنجی کێشا و یارمەتی دام.
٣. جەنابی کاک موحەمەد سەڕاجەدینی کە فتوکوپی دیوانێکیتر بە خەتی «مەلا بایزید»ی بۆ ناردم.
٤. مامۆستا ئەحمەد فەریقی کە وێنەیەکی خەیاڵی جوانی لە مەولەوی کێشا و بۆی ناردم.
٥. کاک «شاهروخ هەورامی» شاعیری لاوی سنەیی کە چەن فتوکوپی لە شوێنەوارەکانی مامۆستا «موحەمەدعەلی قەرەداغی»ی بۆ ناردم.
٦. کوڕی گەورەم سەید سەعدەدین ستوودە کە لە کاتی گلی چاومدا بۆ نووسینەوە و تەتبیقی نوسخەکان یارمەتی دام.

